**لوقمان سەدیق:**



## ئافرەت وەكو كاڵایەكی بێ نرخ دەكرێتە كەرەستە و سیناریۆی كلیپەكان

**ئایا ئەو روتی و دیمەنە وروژێنەرانەی ئافرەت لەكلیپەكاندا نیشان دەدرێ خۆشەویستی یە؟**

**راستە هونەرەكەم گوزارشت لەئاینی پیرۆزی ئیسلام دەكات بەڵام ئایین موڵكی هیچ لایەنێكی سیاسی نیە من گۆرانی بۆهەموو خەڵكی كوردستان دەڵێم نەک حیزب**

**ئەمرۆ خەڵكانێكی زۆر هەن كەلەوپەری رەفاهیەت دەژین بەڵام ئاسودەنین، چونكە لایەنی رۆحیان سفرە**

ئالان عومەر / نوچەنێت

**www.nwche.net**

لوقمان سەدیق هونەرمەندێكی دەنگخۆش و بەتوانایە و لەبواری هونەری دینی وەك هونەرمەندێكی گۆرانی بێژ خزمەت دەكات و لەم دیمانەیەی نوچەنێت ئامانجەكانی خۆی لەهونەرەكەی دەخاتە روو رەخنە لە كەناڵە ئاسمانیەكانی كوردستان دەگرێت.

ئالان: لە كاری هونەریدا تۆ خزمەت بەهونەرێك دەكەی كە لەخزمەتی دیندایە مەبەستت چییە؟

لوقمان: بێگومان هەركارێكی هونەری بەتایبەتی كاری موزیك وگۆرانی پەیامێكی ئەوهونەرمەندەیە بۆخەڵك كەلەرێگایەوە دەتوانێت هەموو بیروو بۆچوونەكانی بەرەو كۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئاراستەبكات وەمنیش لەو روانگەیەوە كەدەبینم لەناوئێمەی كورددا گۆرانی ئایینی یان تەواشیح فەرامۆش كراوە چ لەلایەن هونەرمەندانەوە چ لە لایەن دەزگا پەیوەندیدارەكانەوە بۆیە من حەزدەكەم خزمەتێك بەوبوارە بكەم و وەكو ستایلێكی تایبەت بەخۆم ئیشی تیابكەم بەتایبەتیش كە ئەگەر بزانین ئەمجۆرەگۆرانیە بۆگوێگرو هونەرمەندەكەش خێری دونیاو قیامەتی تێدایە. وەلەوبوارەشدازێرخانێكی هونەری باشمان لەكۆنەوە بۆبەجێ ماوە بەڵام كەسانێكی خەمخۆری دەوێ كە بەشێوەیەكی ئەكادیمی رێكیان بخەن وتۆماریان بكەن.

ئالان: هەر هونەرمەندەو دەیەوێت خزمەت بەبڕوایەك بكات، هەیە بەهونەرەكەی تەنها خزمەتی عەشقی نیوان دوو ئینسان ئەكات، هەشن وەك تۆ دەیەوێت گۆرانی بۆ عەشقی خواو مرۆڤ بڵێت. لایەنە رەسمییە حكومەیەكان باسی ئەوە دەكەن كە خزمەتی هونەریان كردووە ئایا وەك ئەوەی هاوكاری ئەو جۆرە هونەرانەی تریان كردووە خزمەتی ئەوانەشیان كردووە كە هونەر بۆ عەشقی خواو مرۆڤ دەكەن؟

لوقمان: لەراستیدامن وەكو هونەرمەندێك هیچ كاتێك دژی خۆشەویستی نێوان مرۆڤەكان نەبووم ونابم، چونكەمەحاڵە ژیان بەبێ خۆشەویستی بچێتە سەر بەڵام كام خۆشەویستی ؟ و چۆن؟ ئایا ئەورووت و قوتی وئەودیمەنە وروژێنەرانەی ئافرەت كە لەكلیپەكاندا نیشان دەدرێ ئەوەخۆشەویستی یە؟ بێگومان نەخێر. ئێمە رۆژانە لەكلیپەكاندا بەچاوی خۆمان دەبینین كەبازرگانی و سوكایەتی بەچەندین ووشەی پیرۆزو گەورەی وەك عەشق و وەفاو بەڵێن وچەندان ووشەی تر دەكرێت. هەروەها دەبینین كەوا چۆن ئافرەت وەكو كاڵایەكی بێ نرخ دەكرێتە كەرەستە و سیناریۆی كلیپەكانی پێ پردە كرێتەوە. وەهەروەها لەرێی كلیپەكانەوە نەوەكانمان فێری ئەوە دەكرێن كەخۆشەویستی رابواردنێكی كاتی نێوان كورو كچەو پاشان بەخیانەت ودووركەوتنەوە لەیەكتركۆتایی دێ. من پێموایە كەپێویستە لەرێی كلیپەكانمانەوە نەوەكانمان فێری رەوشت بەرزی بكەین و فێری ئەوەیان بكەین كەچۆن رێز لەیەكتری بگرن فێری خۆشەویستی راستەقینەیان بكەین ئەو خۆشەویستیەی كە خوای گەورەو پێغەمبەرەكەی دروودی خوای لێ بێ فێرمان دەكەن و بە هۆیەوە كۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەرەو ئاسودەیی هەنگاودەنێ.

دەربارەی هاوكاری كردنی لایەنە حكومیەكانیش بۆهونەری گۆرانی ئایینی. من وەكو هونەرمەندێك حەزم كردوە كارەكانم لەرێی وەزارەتی رۆشنبیریەوە بەرهەم بهێنم، بەڵام تائیستاهیچ دەزگایەكی حكومی هاوكاری نەكردووم هەرچەندە كەسەردانیشم كردوون وداوای هاوكاریم لێ كردوون. رۆژانەش لەمیدیاكان گلەیی و گازاندەی هونەرمەندانمان گوێ لێ دەبێ كە لەحكومەت ودەزگاپەیوەندیدارەكانی دەكەن ئەمەش مانای وایە هاوكارییەكە بەوشێوە فراوانە نیە كە هەمووكەسێك بگرێتەوە.

ئالان: زۆركات كە كەسێك گۆرانی بۆ دین دەڵێت هونەر بۆ عەشقی خوا دەكات بە حزبی بون سەیری دەكرێت وەك ئەوەی بە لاگیری لایەنە ئیسلامیەكان ناوی دەبەن، ئایا بەبڕوای تۆ هونەر كردن بۆ عەشقی خوا بۆچی بە ئیسلامی بون مامەڵەی لەگەڵ دەكرێت؟؟ ئەمە تاپۆكردنی عەشقی خوا نییە بەتەنها لەسەر لایەنە ئیسلامیەكان لەلایەن ئەوانەی بەو شێوەیە بیر دەكەنەوە؟

لوقمان: بەبروای من لەبەرئەوەی ئەم جۆرەگۆرانیانەتەنها لە میدیا ئیسلامیەكان پەخش دەكرێن وگرنگیان پێ دەدرێت بۆیەزۆرجار هونەرمەندەكە بەچاوی لایەنگریان ئەندامی حیزبە ئیسلامیەكان سەیری دەكرێت. راستە لایەنە ئیسلامیەكانیش تیپی تایبەتی خۆیان هەیە كەسرودی ئاینی دەڵێن بەڵام زۆر هەڵەیە هەركەسێك لەبواری گۆرانی ئایینی ئیشی كرد بەوچاوە سەیری بكرێت. چونكە ئایین موڵكی هیچ لایەنێك نی یە وئەم جۆرە گۆرانیانەش لەكۆنەوە لەتەكیەو خانەقاو مزگەوتەكاندا لەكاتی مەولود خوێندنەوەو بۆنە ئاینیەكاندا ووتراوەو دەوترێت. بەداخەوە من زۆرم پێ ناخۆشە كە تائێستاش كەسانی وا زۆرن كەبەم شێوەیە بیردەكەنەوە. من هەرچەندە تائیستاش لەهەموو ئەوچاوپێكەوتنانەی كەلەگەڵمدا ئەنجامدراوە چ لەلایەن میدیا ئیسلامیەكان چ لەلایەن میدیاكانی تر بێلایەنی خۆم

راگەیاندوەکـەچی ئیستاشـی لەگەڵدابێ هەندێ کـەس و لایـەن هەربـەچاوێ گومـان سـەیری کـارە هونەریەکانم دەکەن. بەبیرم دێ لە سالی 2007 کاتێك یەکەم گۆرانی ئاینیم لەیەکێك لەکەنالە ئیسلامیەکان پەخش کرا هەرئەوکاتە چەندین تەلەفۆنم لەلایەن برادەرانی خۆم پێ گەیشت کە زۆربەیان پرسیاری ئەوەیان لێ دەکردم کەئایا تۆش بوویتە فلان لایەن؟ بەڵام من لێرەوە دەمەوێت ئەوە بڵیم کە راستە هونەرەکەم گوزارشت لەئاینی پیرۆزی ئیسلام دەکات بەڵام ئايين موڵکی هیچ لایەنێکی سیاسی نیەو من گۆرانی بۆهەموو خەڵکی کوردستان دەڵێم نەك حیزب وەچ خۆم چ هونەرەکەشم موڵکی هیچ لایەنێکی سیاسی نین . پێموایەکە هونەرو سیاسەت دوو شتی زۆرجیاوازن لەیەکتری و هونەرمەندیش دەبێ کەسایەتیەکی سەربەخۆی هەبێ.

ئالان: لە کەناڵە ئاسمانییە کوردیەکان بەجیا لە کەناڵە ئیسلامیەکان گۆرانی بۆ هەموو عەشقێك دەبیستریت، بەڵام لە رەمەزاندا نەبێت گۆرانی بۆ عەشقی مرۆڤ بەخوا نابیستریت هۆی ئەمە چییە؟ ئایا دەکرێت بڵێین عەشقی مرۆڤ بۆ خوا تەنها لە رەمەزاندا بونی هەیە؟

لوقمان: بەداخەوەئەمە زۆربەزەقی دیارە لەمیدیاکاندا هۆیەکەشی بۆئەوە دەگەرێتەوە یا ئەوەتا ئەو کەسانەی کە لەتەنسیقی تەلەفزیۆنەکان ئیش دەکەن کەسانی پسپۆرو ئەکادیمی نین یانیش بەبەرنامەرێژی ئەو شتە پەیرەو دەکرێت. ئەمەش شتێکی زۆر هە ڵەیە، چونکە ئەو کەناڵانە تەنها گرنگیان بەلایە نی ماددی مرۆڤ داوەو لایە نی رۆحیان فەرامۆش کردوە لەکاتێکدا کەپێویستە زیاتر گرنگی بەلایەنی رۆحی بدرێت ئەوەتا بەچاوی خۆمان دەبینین کەئەمرۆ خەڵکانێکی زۆر هەن کەلەوپەری رەفاهیەت دەژین بەڵام ئاسودەنین، چونکە لایەنی رۆحیان سفرە کاتێك پەنا بۆ ئەوگۆرانیانەش دەبەن کە باس لە بێوەفایی و خیانە ت و بەجێ هێشتن و جوانی ئافرەت وئەو شتانە دەکەن لەخەم و خەفەت زیاتر هیچی تر قازانج ناکەن بۆیە هێندەی تر لایەنی دەرونیان تێك دەچێ لەکاتێکداکەپێویستە گۆرانی دەروونی مرۆڤ ئاسودە بکاو لایەنی رۆحی تێربکا، من لێرەوە سوپاسی کەناڵە ئیسلامیەکان و هەندێك لە کەناڵە ناوخۆییەکان دەکەم کە گرنگی بەگۆرانی ئايينی دەدەن و داواش لەکەناڵەکانی تر دەکەم کە چیتر تەنها لەمانگی رەمەزان گۆرانی ئایینی لێنەدەن، چونکە خواپەرستی تەنها لە مانگی رەمەزاندا نیە بەڵکو خوای گەورە عیبادەتی بەردەوامی لە ئێمەی مرۆڤ دەوێ. ئەگەر سەیری کەناڵێکی عەرەبی وەکو رۆتانا بکەین کە تایبەتە بەموزیك و گۆرانی دەبینین کە رۆژانە لەگەڵ گۆرانی جۆربەجۆر گۆرانی ئاینیش پەخش دەکەن وەکو گۆرانیەکانی سامی یوسف وایهاب توفیق و چەندان هونەرمەندی تر.

کێ هاوکاری تۆ ئەکات بۆ کارەکانت ؟خۆت؟ حکومەت؟ لایەنە ئیسلامیەکان؟ یان کێ؟

لوقمان: من تائێستا زۆربەی کارەکانم لەسەر ئەرکی خۆم ئەنجام داوەو لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیریەوە هیچم بۆنەکراوە. دەربارەی لایەنە ئیسلامیەکانیش من تائیستا لەهیچ لایەنێك هاوکاری ماددی نەکراوم بۆ بە ئەنجامگەیاندنی کاری هونەری تەنها لەکاتی وێنە گرتنی کلیپەکانم کەناڵی ئاسمانی سپیدە بەتایبەتی شەخسی کاك بوخاری جمیل بەکامێراوکەل وپەلی روناکی یارمەتیان داوم لێرەوە سوپاسی بەرێزیان دەکەم و لەسەرئاستی تاکە کەسیش هەندێك دۆست وبرادەری خۆم کەحەزیان لەکاری هونەریە هاوکارییان کردووم وەکو وێنەگر عبداللە ابراهیم و دەرهێنەری بەتوانا کاك هونەر محمد کە لێرەوە سوپاسیان دەکەم.